**مهاباد در فاصله دو جنگ** ، نێوی کتێبێکی 50 لاپەڕەیە کە باسی ڕووداوەکانی مهاباد و ناوچەی مهاباد لە بەینی ساڵەکانی (1939/1918 ) دا دەکا. نووسەری کتێب ڕەزا داودی خەڵکی شاری مهابادە.هێندێک زانیاری تایبەت و وێنە وشارەزایی نووسەر لە پێوەنددانی ڕووداوە سیاسیەکان دەگەڵ یەک تردا نرخ و وەزنێکی تایبەت بەو کتێبەدەدا.




وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی: تایر عەلیار

# مهاباد لە مابەینی دوو شەڕدا بەشی 1

نووسینی: محەمەدرەزا داودی

مهاباد لە مابەینی اووشەڕی نێو نەتەوەیی یەکەم و دووهەم دا (1918/1939) **ناسیونالیسم**

ریزبەندی مەتڵەبەکان

پێشەکی

ناسیونالیسمی کوردی

ئەلف:ناسیونالیسمی فێئۆداڵی

1.هاتنی سەرکەوتوانەی سمایلاغای سمکۆ بۆ مهاباد لە سێزدەی شەهریوەری 1300ی هەتاویدا

2.شکستی قورسی هێزی ڕەزاخان لە مهاباد (جاری دووهە م) و کوژرانی خاڵۆ قوربان لە 29ی ڕەمەزانی ساڵی 1301ی هەتاویدا

3.پەیمانی لۆزان و نامەی کارگوزاری خاریجەی سابڵاغی موکری لەو پێوەندیەدا لە 21ی سەرەتانی 1302ی هەتاویدا

4.ڕاپەڕینی عەباس خانی سەردار ڕە شید و سالارولدەولەی قاجار و دژ بوونی ناسیونالیستەکانی مهاباد،(1303)ی هەتاوی

5.راگەیاندنی پشتیوانیی رەییس عەشیرەتەکانی سابڵاغی موکری لە رەزاخان لە خوزستان ، چوارشەممە 25ی قەوسی 1303ی هەتاوی

6.هاتنی رەزاخان بۆ مهاباد لە موردادی 1304ی هەتاویدا

7. سپابود ئەمیرئەحمەدی لە مهاباد 1306 هەتاوی

8. جیهادی چەکدارانەی مەلاخەلیلی گۆرومەر 1307ی هەتاوی

9.گۆڕینی نێوی سابڵاغی موکری بە مهاباد 1307ی هەتاوی

10. هاتنی رەزاخان و محەمەدرەزا پەهلەوی بۆ مهاباد لە ساڵی 1315ی هەتاویدا

ب:ئنتلێکتوئێلە ناسیونالیستەکان

1. حزبی رزگاری خوازی کورد

جێگای خۆیەتی لە جەنابی موستەتابی ئەشرەفی ئەرفەع ، عۆمەراغای عەلیار سپاس بکەم کە بۆ نووسینی ئەومەتلەبانە لە تەفسیلی فەرمایشەکانی کەلکم وەرگرت و بە لە ئیختیار نانی کتێب خانەی خۆی و ئارشیوی وێنەکانی ئەوەی لە دەستی هات بە دڵاواڵەییەوە دەستی گرتم . خودا جەزای بداتەوە.

بە نێوی خودای بەخشەندەی میهرەبان

پێشەکی :شەڕی یەکەمی جیهانی کە 28ی ژوئێنی ساڵی 1914 دەستی پێ کرد لە 11ی نوامبری سالی 1918 کۆتایی هات . ئەو شەرە پڕ لە موسیبەتە بە قیمەتی گیانی ملیون ها ئینسان تەواو بوو. بە ملیون ها کەس بریندار و نەقوستان بوون و ملیارد ها دۆلار سەرمایەی ئینسانەکان لە نێو چوو.بەشیکی زۆر لە ناوەندی پیشەیی و ئابووری دنیا نابوود بوو. ساڵێک دوای شەڕ یانی لە سالی 1919 دا کونفرانسێکی سولح لە پاریس گیرا کە نەخشەی دنیای داهاتووی دەخستە بەرباس . لە راستیدا ئەو وڵاتانەی لە شەڕدا سەرکەوتبوون و لە پێش هەموویانەوە ئەمریکا خەریکی داڕشتنی قەوارەیەکی تازە بۆجیهان و سارێژ کردنەوەی برینە قورسەکانی شەڕبوون. باسی سەرەکی نوێنەرانی وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕ لەو کونفرانسەدا ، باروودۆخی ناوچە دەست بەسەر داگیراوەکان و رێک کەوتن نامە نهێنیەکانی دەورانی شەڕ بوو. بەشێکی بەربڵاو لەو ناوچە دەست بەسەر داگیراوانە لە رۆژاوای ئاسیادا سەرزەمینە ئیسلامیەکان بوون. ئیسلامبول پێ تەختی ئیمپڕاتووریی پێشووی عوسمانی لە لایەن کۆڕێک لە هێزی هاوپەیمانانەوە تەسەروف کرابوو. بەغدا، بەیرووت، فەلەستین و لێوارەکانی سووریە لە ژێر فەرمانی راستەوخۆی ئینگلیس دابوو .

ئێرانیش لە هەمان ساڵی گرێدانی پەیمانی ورسای بە پێی رێککەوتن نامەیەک کە لە نۆهەمی ئووتی 1919 بە دەست پێشخەری لۆرد کرزن وەزیری کار و باری دەرەوەی بریتانیا و سێر پرسی کا کس سەفیری ئەو دەوڵەتە لە تاران بەسترابوو بە کردەوە کەوتبوە ژێر باڵی ئینگلیسەوە. بەو حا ڵەش یەکێک لە رووداوە گرینگەکانی دەورانی دوای شەڕ ،بێداری نەتەوەکانی موسوڵمان و هەوڵی موجاهیدانە و جەسوورانەی ئەوان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەر بە خۆیی بوو. ناوچەی مهابادیش بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی سیاسی وجوغرافیایی لە مێژینەی لە کۆنەوە کانگای ئەندێشە وئامانج و جووڵانەوەی جۆراجۆری فکری و سیاسی بوە و لیک بڵاو بوونی سەرزەمینەکانی موسوڵمانان وکار کرد و نفووزی مەسیحیەتی پڕش و بڵاو بووی ئورووپا لە سەر جیهانی ئیسلام رێگای بۆ رەوتەکانی رەسە نی ئیدئولوژیکی و گەشانەوەی فەرهەنگی و ناوچەیی کردەوە.

بەربەرەکانی رۆژاوا بەرامبەر بە توانایی و لێهاتوویی کوردەکان وئیستحالەی دەوڵەتانی یەک ناوەند بۆ چەند ناوەند پێویستیی سەرنج دان بە هەرچی بەربڵاو بوونی ئەندێشەی جۆراوجۆری سیاسی و ئیدئولۆژیکی لە دوو ئاکاری مەنتقیی (1) ساڵەکانی دوای شەڕی نێو نەتەوەیی هەوڵی لە سابڵاغ هێنایە کایەوە ئەو دوو سەرنجە مەنتقی یە بریتی بوون لە :

1.ناسیۆنالیسمی کوردی(کوردایەتی )
2. بونیاد گەرایی ئیسلامی.

## 1.ناسیونالیسمی کوردی

یەک لە رووداوە گرینگ و ئاشکراکانی دوای شەڕی یەکەمی نێو نەتەوەیی هەوڵ، خۆنیشاندانی هەستی وڵات پارێزی لە نێو ئەقوامی جیاواز دابوو.ئەو باوەڕە گرینگە وەکوو جۆرێک لە وەفاداری وبەستراوە بوونی گشتی بە یەک مەجمووعەی ئینسانی، پێش ئەوەی لە رۆژاوادا ببێتە باو لە نێو موسوڵمانان دا شتێکی ناسراو بوو.

شێوەیەکی مەنتقی لەو وەفادارییە بە شانازیەکانی فەرهەنگی و مەزهەبی و راگرتنی رێ و رەسم و ئاداب لەو راپەڕینانەدا دەردەکەوێ کە لە دەورانە جۆراوجۆرەکانی پاش ئیسلام بە هۆی کەسانی وەک زریق (211 ه ق ) و دیسمی کورد (314/336ه ق) لە موکوریان و ئازەربایجان روویان داوە . ئەو خۆ پێشان دانانە لە دژی دەسەڵاتی عەڕەب بوون کە جۆرێک لە هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی تێدا شاردرابۆوە و لە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و بیرۆکەیەکی رۆشنی مێژوویی کە کامیلەن نەهاتبوە ژێر دەسەڵاتی عەڕەبەوە سەرچاوەی دەگرت.

گرینگ ترین هۆکاری پەسند کردن و بڵاو بوونەوەی بیرۆکەی ناسیونالیسمی کوردی دوای تێک چوونی ئیمپراتووری عوسمانی ، ئەو دەستدرێژیانە بوو کە بۆ سەر هوویەتی قەومی و فەرهەنگی کوردەکان دەکرا . قەومیەتی کوردیی حیساب بۆ کراوی ئەو سەردەمە بە هیچ جۆرێک لە تایبەتمەندی ناسیونالیسم بە مەعنای رۆژاوایی و تازەی کەڵکی وەرنەدەگرت. (2)

ناسیونالیسمی مەوریدی نەزەری ئیمپریالیسمی رۆژاوا ، لە سەر بنەمای باڵادەستیی خۆی و بە سووک دیتنی نەتەوەکانی دیکە دامەزرابوو و ئەسالەتی ئینسانی لە سەر پایەی وەراسەتی نیژادی دەدیت، بۆیە کاتێک دەگەڵ ئاکاری عاتیفی ئەو نەتەوانەی کە سەرزەمینەکانیان کەوتبوە ژێر چاوەدێری و دەسەڵاتی هاوپەیمانانەوە رووبەروو بوون ، هەستێکی بە لاڕێ داچوو لە نەتەوە بوونیان لە قالبی گەڕانەوە بۆ میراتە فەرهەنگیەکانی پێش ئیسلام و شەوکەت و شکۆی باستان هێنا ئاراوە. لە و رە وتەدا ئیمپریالیزمی رۆژاوا بە بێ ئەوەی راستەوخۆ لە کاروباری نەتەوەکانی ژێردەست دا دەخالەت بکا یان بەرپرسیارەتیەک وەستۆ بگرێ ، دەیتوانی چارەنووسی ئەوان بخاتە ژێر نفووزی خۆیەوە.

لە پێوەند دەگەڵ ئەو ئامانجە دا کۆدەتای 22ی فەوریەی 1921(3ی ئەسفەندی 1299ی ه.ش) دارێژرا و بەڕێوە برا.رەزاشا هەر لە دەست پێکەوە سیاسەتێکی حیساب بۆ کراوی بۆ ناسیونالیسمی فەرهەنگیی مەوریدی نەزەری رۆژاوا دەست پێکرد و بە گەورە نیشاندانی شارستانیەتی پێش ئیسلام ، بایەخ و نیشانەکانی ئیسلامی کەم رەنگ کردەوە هەروەها بە دانانی نەتەوەی فارس وەک ئەسڵ ، کێشەی بۆ نەتەوەکانی دیکە دروست کرد و نەتەوەکانی دیکە و باری رەسەنایەتی فرهە نگیی ئەوانی پامال کرد و ناسیونالیسمی خۆی بەو سیما گرژ و دواکەوتوانەیە وە قایم تر کرد.

لە زەمینەیەکی ئاوادا کە ناسیونالیسمی رەزاخانی لە چوارچێوەی ئامانجە نێگاتیوەکاندا خۆی دەبینێوە، ناسیونالیسمی کوردی لە دوو رێبازی فێئودالی و ئێنتلێکتوئێل دا،دژکردەوەیەک بوو بۆ نەفی ئە ند یشەی رەزاخان و لە نیهایەت دا نەفی رێبازی رەزاخانی.هەر بەو هۆیەوە بوو کە رەزاخان تە نیا چل و پێنج رۆژ دوای کودەتا دەستووری لەشکرکێشی بۆ مهاباد ناوەندی ناسیونالیسمی کوردی سادر کرد.

## ئەلف، ناسیونالیسمی فێئودالی

## هاتنی سەرکەوتوانەی سمایلاغای سمکۆ بۆ مهاباد لە 13ی شە هریوەری1300ی ه.ش

## (6ی ئوکتوبری 1921ی میلادی

کاندیدای تەئمینی مەزایای ئوسوولی ویلسۆن و کونفرانسی ورسای سەبارەت بە مافی چارەنووسی کوردەکان لە ئێران سمایلاغای سمکۆ بوو. سمایلاغا لە تورەمەی موکریەکانی مهاباد و کوڕی محەمەداغا ی کوری سادق خانی کوڕی جەعفەرخانی کوڕی یەحیابەگ کوڕی بوداق سوڵتانی موکری بوو. لە ساڵەکانی شەڕی جهانیی هەوەڵ دا ، ئازایەتی تێکەڵ بە را و تەگبیر ئەوی کردبوە قودرەتی بێ بەدیلی ناوچەکە.

پێش سمایلاغا ، ریاسەتی عێلی شکاک بە جەوەراغا برا گەورەی سمایلاغا بوو.جەوەراغا ساڵی 1889دەگەڵ عەبولرەزاق بەدرخان و سەید تەها نەهری لە لایەن نیکولای دووهەمەوە بۆ رووسیە بانگ هێشت کرابوون ، ئەما پێش ئەوەی ئەو سەفەرە سەربگرێ محەمەد حۆسێن خان زەرغام قەرەداغی (نیزامولسەلتەنە فەرمانفەرمای ئازەربایجان ) کە حاکمی تەورێز بوو بە دەستووری محەمەد عەلی میرزا نایبولسەلتەنەی موزەفەرەدین شای قاجار ، جەوەراغا و هێندێک لە نزیکانی و یەک لەوان خاڵۆمیرزا ، خاڵی جەوەراغا بە فرت و فێڵ و بە نێوی راوێژ کردن سەبارەت بە شاری تەورێز بۆ دارولحکوومەی ئەو شارە بانگ هێشت دەکرێن . نیزامولسەلتەنە لە کونێکی ڕا جەوەراغا دەکاتە نیشانە و دەیکووژێ .خاڵۆمیرزا خاڵی جەوەراغا کە دوایی بوو بە راوێژکاری سمایلاغای سمکۆ لە کاروباری شەڕدا هەر گوێی لە دەنگی تیرەندازی دەبێ لە پەنجەرەی را خۆ دەگەیەنێتە سەربانی و لەوێرا بە کووچان دا و بە شەڕ لە حالێک دا سەدان چەکداری نیزامولسەلتەنە یان بە دواوە بوو خۆ دەگەیەنە دەرەوەی شاری (1907،م)

ئەحمەدی کەسرەوی چۆنیەتی کووژرا نی جەوەراغا ئاوا دەگێڕێتەوە:



جعفرآقای شکاك برادر سمکو

نزیکانی جەوەراغا هەر کە دەنگی تیریان بیست زانیان چ قەوماوە. بە تەقە کردن لە پلیکانەکان چوونە سەرێ . فەراشەکان هەڵاتن وئەوان خۆیان گەیاندە سەر جەنازەی جەوەراغا و کە دیتیان بێ گیانە ، رانە وەستان و فکری نەجاتی خۆیان کرد . پەنجەرەیەکیان کردەوە و لەوێ را خۆیان کێشا سەرێ و گەیشتنە سەربانی و لەوێش را خۆیان گەیاندە کووچە و کۆڵان و بە شەڕ و بە تەقە هەرچی هاتە سەر رێگایان کوشتیان و خۆیان گەیاندە دەرەوەی شاری تەورێز.

کە سرەوی لە درێژەی باسە کە دا دەنووسێ :چەکداری نیزامولسەلتەنە تەنیا توانیان دوو کەس لەوان بکووژن . ئەوە رووداوێکی زۆر سەیر بوو و لە قەدری کاربەدەستانی حکوومەتی زۆر کەم کردەوە. لە لایەکەوە پەیمان شکاندن و کەسێک بە فێڵ کوشتن و لە لایەکەوە کارنەزانی و بە دەست چەند کوردەوە ئەو هەموو داماوی و لێ نە هاتوویی نیشان دان. جەنازەی جەوەراغا و ئەو دوو کەسەیان هێنا و لە عا لی قاپوو سەراوبن هەڵیان واسین. ئەمن ئەوکات دەچوومە مەدرەسە و دەگەڵ دووکەس لە شاگردەکان چووینە تەماشا . هەرسێکیان سەرەونخون هەڵواسیبوون . ئەما ئەو کوردانەی بۆی دەرچووبوون ، نیزامولسەلتەنە دەستەیەک سواری بە دوا دا ناردبوون کە لە (ارونق) گەیشتبوونە

سەریان و کوردەکانیش دلێرانە دەگەڵیان بەشەڕ هاتبوون و چەند ئەسپیان لەو سوارانەی نیزامولسەلتەنە ئەستاندبوو و خۆیان پێ دەربازکردبوو. ئەوەش نموونەیەکی دیکە لە شل و شەوێقی کارەکانی دەوڵەت بوو.

دوای ئەو رووداوە سمایلاغا بۆ سەرۆکایەتی عێلی شکاک هەڵبژێردرا.لە شەڕی هەوەڵی جهانی دا ناوچەکانی ئازەربایجان و موکریان بە هۆی پێکدادان و هاتووچۆی لەشکرەکانی رووس و عوسما نی سەدەمەیەکی زۆری دیبوو . بۆشایی قودرە تێکی بە توانا کە دەسەڵاتی ناوچەکە بە دەستەوە بگرێ بە تەواوی هەست پێدەکرا.ئەو قودرەتە رێکخستنی جەنگاوەرانەی عێلی شکاک بە سەرۆکایەتی سمایلاغا بوو کە شانازی بە رابردووی مێژوویی عێلاتی جەنگاوەری ناوچەکە دەکرد.

سمکۆ سەرەتا رەقیبی خۆی پاتریارک مارشیمۆن رێبەری رووحانی ئەرمەنیەکان کە دەیویست بە هاوکاری ئینگلیسیەکان و ئاسۆرِیە مهاجرەکان دەوڵەتیکی غەیرە موسوڵمان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو دا بە وجوود بێنێ لە 25ی فەوریە(یا سێهەمی مارسی 1918)دا لە ناو برد. دوای ئەو رووداوە ژنراڵ دسن ترۆیسی ئینگلیسی هەوڵی دڵدانەوەی ئاسۆرِیە کانی دا و بریاری دا و ساغ بۆوە لە سە ر وەی بە دانی یارمەتی ماڵی و چەک وچۆڵ بەوان بە ئامانجە دەروونیە کانی خۆی بگا. بۆیە ئاسۆرِیەکانی بە دانی ئەو یارمەتیانە ئومێدوار کرد و لە ورمێە وە بەرەو ساین قەڵای هێنان تا لەوێ ئیمکاناتی تەواویان لە ئیختیار بنێ. لەو رێ پێوانە گەورەیە دا ئاسورِیەکان لە شیمالی مهابادەوە و لە دەشتی شاروێرانەوە بەرەو ساین قەڵا و بیجار رۆیشتن بەڵام هەر لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامەیە دا هیزەکانی ئینگلیس رەوشیان گوڕی وناوچەکەیان بە جێ هێشت.

لە هاوینی 1919دا سمکۆ ویستی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پەرە پێ بدا. بۆیە سەرەڕای دژبەری کردنی مسیۆ پاکارد سەرۆکی نەخۆشخانەی مسیۆنەرە ئامریکاییە کان ، دەستی بە سەر شاری ورمێ دا گرت. دەوڵەتی ئێران سەرهەنگ فیلیپۆفی رووسیی نارده سەری و ناوبراو توانی ،سمکۆ لە شاپوورەو بەرەو چاریە پاشە کشە پێ بکا بەڵام هەر لە رەوتی شەرِەکەدا دەگەڵ سمکۆ کەوتە وتووێژەوە و دەستی لە شەڕ هەڵگرت و کشاوە دواوە . سمایلاغا دیسان ناوچەکانی پێشووی گرتەوە. هاوکات دەگەڵ ئەو وەزعە ئاڵووگۆڕی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا بەڕێوە بوو. لە 24ی مانگی ئاورِیلی 1920 کونفرانسێکی سوڵح پێک هاتوو لە گەورە پیاوانی سیاسی ئورووپا لە پێوەند دەگەڵ(قیمومیت)لە سان رمو پێک هات. لەو کونفرانسەدا سووریە بوو بە بەشی فەرانسە و عێراق و فەلەستین بوو بە بەشی ئینگلیس. قیموومیەتی ئینگلیس بە سەر فەلەستین دا بە هۆی گرێبەستێکەوە کە بەینی مەجمەعی ئیتیفاقی میلەل و دەولەتی ئینگلیس بەسترا و کرا پاشکۆی راگەیاندراوی بالفوور ، رەسمیەتی پێدرا . هەروەها لە سان رمو موقەرەراتی کونفرانسی سوڵح و رێک کەوتنەکانی دوای شەڕ سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکانی ئیمپراتووریی پێشووی عوسمانیش تەکمیل و تەئیید کران. قەراردادی (سێور) کە ماوەیەک دواتر لە گەڵ تورکیە بەسترا (10ی ئوتی 1920) هەوەڵین سەنەدی رەسمی بوو کە سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاندبوو. لەوێ دا هاتبوو کە تورکیە ئامادەیە سەربەخۆیی ناوخۆیی بدا بە و ناوچانە کوردنشینانە ی کە کە وتوونە رۆژهەڵاتی چۆمی فوراتەوە و لە و پیوەندیەدا بۆچوونی کومیسیونی نێو نەتەوەیی کە بە بەشداری فەرانسە ، ئینگلیس و ئیتالیا پێک هاتوە قوبووڵ دەکا هەروەها بەوەش رازی بوە هەرجۆرە ئاڵووگۆرِێک لە سنوورەکانی تورکیە و ئێران لە ناوچە کوردنشینەکاندا قوبووڵ بکا.(3)

لە ئێرانیش ئینگلیسیەکان نەیان دەویست ددان بە لە ناوچوونی گرێبەستی 1919دا بێنن بەڵکوو دەیانویست ناوەرۆکی ئەو گرێبەستە وێچووتر و عەمەلی تربکەن هەروەها بۆ پێش گرتن لەو نفووزی مەعنەوی یە بە هێزە کە بە هۆی مەوجە خورۆشاوەکانی بەحری خەزەرەوە گەیشتبوە ئێران عەقیدەیان هاتبوە سەر ئاڵووگۆڕێکی بنەرەتی لە ئێران و درووستکردنی حکوومەتێکی بە هێزی دەستکرد و لایەنگری خۆیان تا بە هۆی ئەوەوە دەفتەری سیاسەتی کۆنیان لە ئاوری موقتە زیات و رووداوە لەنەکاوەکاندا بسووتێنن و رەوشێکی دیکە بگرنە بە ر.

بەو موقتەزیات و هەل ومەرجانەوە بوو کە نوتفەی کودەتای 1921 گوورا و لەندەن بۆوەی نە هێڵی کوده تای سروشتی کە بەرهەمی پێویستیەکانی راستەقینە وئاکامی جەریاناتی عا دی کۆمەڵگا بوو سەر بگرێ ، بە دەستی گوێ لە مستانی ناوخۆیی و چاوەدێری بەرپرسانی ئینگلیس ، لەندەن ،تاران و قەزوێن خەریکی کودەتا سازی بوو و ئەو کودەتایەی رێکخست کە دەوری مێژوویی لە وڵاتی ئێران دا هە بوو. کودەتا بە بێ دوودلی و شک و گومان کاری ئینگلیس بوو . لەندەن بۆ رێکخستنی کودەتا دەزگایەکی رێک و پێک و بەربڵاوی بە وجوود هێنا بوو هەروەها نەخشەیەکی هەمەلایەنە

ی کە هاوا هەنگ دەگەڵ سیاسەتی گشتی بریتانیا لە شەرق بێ ، کێشابوو. ئەو دەزگایەی کودەتاکەی بەڕێوە دەبرد بە ئەندازەیەک رێک وپێک و ماهیرانە و بێ دەنگ کاری دەکرد کە هیچ کەس غەیری رێکخەرەکانی کودەتا لەو ئیبداعە ئاگادارنەبوون و وای ناڵی بە پێچەوانەی لێدا کە حەریفیش (رووسیە) کە دەگەڵ دەوڵەتی پێک هێنەری کودەتا دژایەتی هەبوو وا فریوی خوارد کە دەگەڵ کودەتاکە هاودڵی نیشان دا. (4)

ئێستا سمایلاغا ساغ ببۆوە کە تەنیا رێگای گەیشتن بە سەرکەوتن کەڵک وەرگرتن لە لایەنگری و پشتیوانی بریتانیای کەبیرە، بۆیە لە ژووئیەی ساڵی کۆدەتادا دەگەڵ یەک لە ساحەب مەنسەبانی ئینگلیس لە شنۆ چاویان پێک کەوت ولە مانگی ئوت دا دەگەڵ سێر پرسی کاکس دەستیان بە وتووێژ کرد . ئەو وتووێژانە سێ مانگی خایاند . لە ئاکام دا دەوڵەتی ئینگلیس بە هۆی موخالەفەتی ئێران درێژەی پێوەندیەکانی بە سەڵاح نەزانی و پساندی.

لە هەل و مەرجێکی ئاوادا کە حوکم و دەسەڵاتی سمایلاغا تا رەدەی رێبەرێکی قودرە تمەندی نەتەوەیی هەڵکشابوو بە مەبەستی پەرەپێدانی ناوچەی دەسەڵاتی خۆی و موخالەفەتی ئاشکرا دەگەڵ سیاسەتی بریتانیا و شەخسی رەزاخان ، هاوزەمان دەگەڵ بە بن بەست گەیشتنی وتووێژەکان دەگەڵ ئینگلیس ، لەشکری بەرەو مهاباد وەڕێ خست و لە 6ی ئوکتوبری 1921ی میلادی بەرامبەر بە سێزدەی شەریوەری 1300ی شەمسی دەستی بە سەر ئەو شارە دا گرت.

لەو فەتحە عەزیمەی سمکۆدا سەدان کەس لە هێزەکانی دەوڵەت کە بە ڕێوە بە ری هە وەسەکانی رەزاخان بوون یەخسیر و غە یری چند کەسێکیان ئەوانی دیکە وە بە ر موسە لسە ل دران . یەک لە و کەسانەی نەجاتی بوو سەرگورد مەلیک زادە فەرماندەی هێزەکانی مهاباد بوو کە دەگە ل عەلیاغای ئەمیرئە سعەد کە ئە وکات لە تە ورێز زیندانی بوو بە شێوەیەکی تەحقیرامێزگۆڕد رایەوە. سەرگورد مە لیک زادە لە بیرەوەریەکانی خۆی دا نووسیویە : سمایلاغا ئە وڕۆژە سەربەخۆیی کوردستانی راگە یاند.

تیمسار سەرلەشکر موزەفەری کە بە شێوەیەکی موعجیزە ئاسا لە و شە ڕە نەجاتی بوە لە بیرەوەریە کانی دا دەنووسی: هیندێک لە خەڵکی شا ر دەگە ڵ سمایلاغا هاوکاریان دەکرد و شکاکەکانیان دەبردەماڵی خۆیانەوە تا لەسەربانەکانەوە ئێمە بکەنە ئامانجی تیرەکانی خۆیان. کاتێک خەریک بوو رۆژ هەڵێ ئەمن لە عیمارەتی فەرماندە ری بووم و هەر لەوێ ژومارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکان کوژران.هەر کە چاوم بە شوێنی دامەزرانی مەلیک زادە کەوت لێم حاڵی بوو کە بە زوویی تێک دەشکێ .بە تەنێ و بە سواری رۆیشتم بۆ کاروانسە راکەی نزیک قەبرستان کە عیدەیەک لە وێ بەربەرەکانیان دەکرد.بە فاسیلەی چەند دەقیقە نزیک بە 150 سوارەی کورد گەیشتنە کاروانسەراکە و وەسەر بانی کەوتن . ئەمن لە راڕەوی چوونە ژوورەوەی کاروانسەراکە دا مامەوە . بە هۆی تیرە ندازیەوە شەش ، حەوت کەسێک کە دەگەڵ من لە راڕەوی کاروانسەراکە دابوون کوژران . ئاخرین چەکی کە بە دەستمەوە مابۆوە پاڕابلۆمێک و چەند فیشەکێک بوو ، تەنیا کەسێک کە مابۆوە و بەربەرەکانی دەکرد ئەمن بووم . دەنگی ترس هێنەرم لە پشت دەرکەوە دە بیست و خوێن لە بن دەرکی کاروانسەراکەوە وەک سێڵاو دەهات . دەرگای کاروانسەراکە خەریک بوو تێک دەشکا و لە بەختی رەشم پاڕابلۆمە کە دوای چوار، پێنج فیشەک قفڵی کرد وهە ر چی هە وڵم دا و لە داروودیوارم دا نەکراوە . فرێم دا نێو حەوزی کاروانسەراکە وە و خۆم کێشا بن چەند جەنازە کە لە سەر سەکۆی کاروانسەراکە کوژرابوون. دەرگای کاروانسەرا شکا و زیاتر لە سەد سوار هاتنە نێو کاروانسەراکەوە. ژومارەیەک لە بریندارەکان و چەند ئەفسەرێک کە زیندوو مابوون بیلافاسیلە کوژران. ئەغڵەبی بریندارەکانیان لە ڕێ سەربڕی . جارێ ئەمن وەزعم لە سەر سە کۆکە خراپ نەبوو و کە س هە ستی بە بوونی من نەکرد . بە فاسیلەی دە، پازدە دەقیقە کاروانسەرا خەڵوەت بوو. چونکە 48 سەعات بوو نە خە وتبووم هە ر لەوێ خە وم لێکە وت تا شەوێ . کە هەستام مانگە شەو بوو بۆ نەرم بوونەوەی لەشم هێندێکم وەرزش کرد . جەنازەی پە ڕاکەندە و بێ حە ڕەکەتی دۆستان و رەفیقان و رووناکی مانگە شەو و سکووتی موتڵەق ، بە کراسێکی سپی و دەرپێ یەکی خوێناویەوە لە کاروانسەرا وە دەرکە وتم و لە نیوەڕاستی کووچە لە پڕ سێ شکاک دەستگیریان کردم. پرسیان کێی؟ فەورەن کوتم رەییسی شارەبانی چونکە ژاندارم بوون و کوژران یەکاویەک بوو. ئەمنیان بردە لای محۆ کە جێ نشینی سمکۆ بوو. کوڕێکی 12 ساڵە کە تفە نگێکی قوڵەی بە دەستە وە بوو گوڕووی گرتبوو بمکووژێ . دەیکوت ئەوڕۆ ئەوانە خاڵیان کوشتووم. بە محۆم کوت لەوماوە دا کە لێرە رە ییسی شارەبانی بووم دەگەڵ خەڵکی ئەو شارە بە رێزەوە هەڵس و کەوتم کردوە و هەموویان دەمناسن لە پێشدا لەوان بپرسن دوایە لە کوشتنی من دا موختارن. محۆ بە دوای یەک لە جیرانەکانی دا نارد ، کە هات ئە منی ناسیەوە و کوتی ئەو شەخسە پارێزەری گیان و ماڵ و نا مووسی ئێمە بوە .

محۆ لیباس و سیغار و شەمچە و نانی دامێ و ئازادی کردم . بە تاقی تە نیا لەو مانگە شەوەدا بەرەو میاندواو کە 70 کیلۆمیتر فاسیلەی هەیە وەڕێکە وتم. خولاسە تە واوی ئەفسەرەکان و ژاندارمە کان بە غە یری من و ماژور مەلیک زادە و نایب هاشم ئەمین (سەرتیپ ئەمین) ، سولْتان تەقی ئالپ و ئازەرتاش ئە وی دیکە هەموو کوژران.



کلیه ستون ژاندرمری تحت فرمان رضاخان که در حمله اسماعیل آقای سمکو به مهاباد در سیزدهم شهریور ۱۳۰۰ شمسی منهدم شد . در این نبرد سهمناک تمام افسران و افراد ژاندرمری باستثنای ماژور ملک زاده،نایب دوم هاشم امین (سرتیپ امین) سلطان تقی آلپ ، آذرتاش و سر لشکر مظفری همه کشته شدند .

دریژەی هەیە

1.جۆرێکی دیکە لە و ئاکارە مەنتقی یە پاتریوتیسم یا وڵات پارێزی و خوشەویستیی وە تە نە  کە لە کاتی هاتنە سەرباسی بونیادگەرایی ئیسلامی لە ناوچەدا باسی دەکەین

2.دوای شەڕی نێو نەتە وە یی دووهەم بە هۆی دەست تێوەردانی هێزە ئوروپاییەکان و لە سە روی ئەوانەوە حزبی کومونیستی شووڕەویی پێشوو هەروەها کارکردی فەرهەنگی ئورووپا لە سەر رووناکبیرانی کورد ، ناسیونالیسمی کورد شکڵێکی تازەی وەرگرت.

3. تاریخ خاورمیانە نووسینی :لنچا فسکی      وەرگێرانی بۆ فارسی   دوکتور هادی جەزایری.

4.تاریخ بیست سالە ایران       نووسینی: عسێن مەکی